**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بـەنـاوی گـەلـەوە**

**پـەرلـەمانی کـوردسـتان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ )لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٦ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١١
## جێبەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق و کارکردن بە ئەحکامەکانی.

**ماددەی دووەم:**

دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و خاوەن پلەو پایەکانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایەدا جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی، بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم/٢ لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**